# زمان و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە

**هونەر محمد حسين [١] و حسن چفچی [٢]**

[١] بەشی وەرگێران، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان - هەولێر، کوردستان، عیراق
[٢] بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، پەیمانگای زمانی کوردی، زانکـــۆی بینگۆل، بینگۆل، تورکیا

## المستخلص

ڕاگەیاندن لە کوردستان تەنیا بۆ ئێمەی کورد گرنگ نیە ، بەڵکو لە هەموو جیهان و بۆ هەموو کەسێك زۆر گرنگە . ئێمە ناتوانین بیر لە ژیانێك دوور لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ( ڕۆژنامە و گۆڤار ، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنیت) بکەینەوە ، بە تایبەتیش لە کاتی ئێستادا ، کە دەبینین ڕاگەیاندن کاریگەری زۆری لەسەر دەسەڵات و دروستکردنی ڕای گشتی و هەموو بوارەکان هەیە. کاریگەری لە سەر ناساندنی زمان و بڵاوبوونی هەموو شێوەزارێك هەیە ، بەیەکخستنی زاراوە و وەك یەك بەکارهێنانی لە نێوان هەموو ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکاندا سودی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵ و دیالێکتەکانی هەیە. ئەم باسە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستادا هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەرە ,ئەگەر بە شێوەیەکی پراکتیکی بەکاربهێنرێت.

**الكلمات المفتاحية:** زمان، زمانی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگا، زمانی کوردی، پەیوەندی زمان.

## 1. پێشەکی

گومان لەوە دا نیە کە دانانی پێناسەیەکی کۆکەرەوەی گشتگیر، کارێکی ئاسان نیە، زانایانی بواری زمانیش لەسەر ئەم بابەتە یەکدەنگن، کە پێناسەی زمان ئاسان نیە، تەنانەت ئەم کارە بۆ بابەتێك لە بابەتەکانی زمانیش کارێکی قورسە، هەندێکجار وادەردەکەوێت ئامانجی هەموو قوتابخانە وپرۆگـرامە جیاوازەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیاندا مەبەست لێی هەوڵدان نەبێت بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیەی کە پێی دەگـوترێت زمان، بەمەبەستی گەشتن بە پێناسەیەکی پوخت و دیاریکراو بۆی.

هەموومان دەزانین زمان بە گشتی دیاردەیەکی ئەقڵی وئۆرگـانی (ظاهرة عقلية و عضوية) ی تایبەتە بە مرۆڤ، جیا لە بونەوەرەکانیتر، بەڵام سەرەڕای ئەوە سیفەتێکی جیاکەرەوەیە بۆ جۆری مرۆڤ، لەوانەیە هەر ئەوەش بێت وای لە ئەرستۆ کردبێت پێناسەی مرۆڤ بکات بە گیاندارێکی قسەکەر و بوێژ. بەهۆی ئەوەی زمان ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە، ئەوا بەبێ شومار گـرفت بۆ توێژەران دروست دەکات(شطناوي،1992).

پێدەچێت ئەو پێناسەیەی کۆمەڵناسەکان بۆ زمانی دەکەن، گـونجاو بێت لەگـەڵ ئەو پێناسەیەی کە ڕاگـەیاندکاران خوازیاریانە بۆ زمانی ڕاگـەیاندکاری یان پەیوەندیە جەماوەریەکان بکرێت بە شێوەیەکی تایبەت، لەو پێناسەیەی کە بۆ ڕاگـەیاندن و زمان کراوە، پەیوەندی تۆکمەی نێوانیان ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئامرازێکن بە سروشت مرۆڤانەن، تەنها لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام دەدرێن، لە هەمان کاتدا هۆکارێکن بۆ کارلێک کردن، هەر لایەنێك هەوڵ دەدات کاریگـەری بەسەر بەرامبەریدا هەبێت، بەمەش کارلێك لە پرۆسەی پەیوەندی کردندا بەردەوام لە جوڵەدایە .

بە پشت بەستن بەم لایەنە کارلێکیە هەندێك پێناسەی پەیوەندیان کردوە بە: کارلێکێکە لە ڕێی هێمای زارەکی و نازارەکی لە نێوان نێرەر و وەرگـرەدا، شێوەی بازنەیی لەخۆ دەگـرێت، چـونکە لە نێرەوە بۆ وەرگـر دەڕوات و بەپێچـەوانەوە، وەك هەوڵێکی هەردوولا بۆ گـۆڕینەوەی شوێنەکانی کار تێکردن و کاریگـەر بوون و بەخشین و وەرگـرتن (حسین، 2010).

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 6، العدد 2 (2022) .
أُستلم البحث في 20 تموز 2019؛ قُبل في 2 أب 2020
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 أب 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف : hunar.m.hussein@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 هونەر محمد حسين و حسن چفچی . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

## 2. زانستی زمان

لەسەرەتای ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، زانستی زمان پەیوەندیەکی پتەوی بە زانستی مێژووەوە هەبووە، بە تایبەت لە بنەچەی مێژووی دەقە نووسراوەکان و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە وەسفیان دەکات. هەر لە سەدەدەی نۆزدەهەمەوە پرۆگرامی مێژوویی بۆ زانستی زمان پیادە کراوە لە زانستی زمانەوانیدا، ئەمەش بەهۆی سەرچاوە و شوێنەواری نووسراوەکانەوەیە. بیرۆکەمان هەیە دەربارەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ژیانی گەلە جیاوازەکان جیا دەکاتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە زمانی شوێنەوارە نووسراوەکان دەستی پێکرد، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندن لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، دواتریش دیاریکردنی چارەنووسی هاوبەشی گەلە جیاوازەکان و ئاماژەدان بە نیشتەجێبوونی هەرێمایەتی و دیاردەی کۆچ کردن لە شوێن و کاتدا . هەروەها شرۆڤەکردنی فاکتەرە مێژووییە دەرەکیەکان، بۆ نموونە هۆکاری دەرکەوتنی هەندێك زمان و چارەنووسی ووشە و دەستەواژە کەسییەکان دەردەخات (Akhmanova, 2011).

چەندین پەڕینەوەی ووشە لە نێوان زمانەکاندا ڕوویداوە (واتە وەرگرتنی ووشە لە زمانی تر)، جێگیربوون و فۆڕمی ئەم زمانەی تریان وەرگرتووە لەماوەی پەیوەندی کارای نێوان گەلەکاندا، ئەمەش کاریگەری ئەو کەسانە دەخاتەڕوو کە زمانەکەیان لەڕووی ووشەسازیەوە زۆر فراوان بووە، بۆ نموونە لە سەردەمەکانی پێشتردا کە جیاوازبوو لە ئێستا، لە ڕووی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری دوورمەودا، زمانی ڕووسی زۆر کاریگەر بوو بە زمانەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەمەش وایکرد لە چوار ڕیانی مێژوو و زمانەوانیدا یەکێك لە پێشکەوتووترین پسپۆڕی بێتە کایەوە، کە بریتی بوو لە زانستی مێژووی زمانەوانی و بەشەکانی، زانستی مێژووی زمانەوانی بەراوورد ، زمانەوانیەکان، مێژووی زمانە ئەدەبیەکان .

زانستی زمان، فرە ڕووە، چونکە زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزی و هەمەچەشنە. زانستی زمان وەك زانست دابەش دەبێت بەسەر تایبەت و گشتیدا، پێناسەی زانستی زمان، پۆلێن دەکرێت لە چوارچێوەی زانستی گشتی زماندا، ئەرکی ئەوەیە بەراورد لە نێوان زمانە نا پەیوەستەکان بە یەکەوە بکات، هەرچی زانستی زمانی تایبەتی یە بریتیە لە زانستی زمانی تاك، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە ڕووسیەکان بریتیە لە شارەزایانی ڕووسی و لێکۆڵینەوە ئۆکرانیەکان زمانەوانی ئۆکرانیا (Vereshchagin, 2010) ...هتد.

پێویستە زمانەوانیە تایبەتەکان بەشێوەیەکی هاودەمی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت (لێکۆڵینەوەی ڕاستیە زمانەوانیەکان لە هەمان کاتدا) و نا هاودەمی (لێکۆڵینەوەی ڕاستیە زمانەوانیەکان لە کاتی پەرەسەندنیدا)

1. هەموو زانستێك بوارێکی مەعریفی و چەند ئەرکێکی زانستی هەیە.
2. لێکۆڵینەوە لە بنەچە و سرووشتی زمانەکە.
3. لێکۆڵینەوە لە پەیکەرسازی زمان.
4. لێکۆڵینەوە لە زمان وەك سیستمێکی تەواو، گشت ئەندامەکانی بەیەکەوە بەستراون و ڕاستی تاك یان کۆمەڵە ووشەیەك نیە.
5. -ووردبوونەوە لە پەرەسەندنی زمان لە ڕووی پەیوەندی بە گەشەکردنی کۆمەڵگەوە (پرۆسەی دروست بوونی هەردووکیان) .
6. وورد بوونەوە لە بنەچەی نووسین و گەشەکردنی.
7. پۆلێنکردنی زمانەکان، واتە کۆی گشتی، بەپێی بنەمای لێکچوونیان، ئاستی گرنگی ئەو زمانانەی کە پەیوەندیان بەیەکەوە پتەوە چەندە وەك ئەڵمانی و ئینگلیزی، ڕووسی و ئۆکرانی و بیلاڕووسی.
8. پەرەدان بە شێوازەکانی توێژینەوە. چەند ڕێگەیەك هەیە وەك بەراوردکردنی مێژوویی، وەسفی، بەراووردکاری، چەندێتی لەسەر بنەمای ئامارە بیرکاریەکان(Reformatorsky, 2008) .
9. زانستی زمان کۆشش دەکات بۆ ئەوەی نزیکتر بێت لە ژیان، بە پێی سرووشتی کردارەکی یان پراکتیکیەکەی.
10. لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە دەستوەردانە زمانەوانیەکان، بۆ نموونە کاریگەری زانینی زمانی دایك یان یەکێك لە زمانە بیانیە خوێنراوەکان لەسەر مەعریفەی وەرگیراو، لە لێکۆڵینەوەی زمانێکی بیانی نوێدا.
11. ڕامان لە پەیوەندی زانستی زمان بە زانستەکانی: (ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، لۆژیك، دەروونناسی و بیرکاری ).

زۆر گرنگە جەخت لە بابەتی لێکۆڵینەوە بکرێتەوە لەم زانستەدا، چونکە زانستی زمان تەنها لە زمانەکانی ئێستا ناکۆڵێتەوە (کۆن و داهاتوو) بەڵکو لە زمانی مرۆڤایەتی بەگشتی دەکوڵێتەوە. زمان بە زانای زمانەوانی نادرێت تا تێبینی ڕاستەوخۆ بدات، بەڵکو تەنها تێبینی ڕاستیە زمانیەوانیەکان یان ڕواڵەتە زمانیەوانیەکان دەکرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە: بکەرەکانی ئاخاوتن بۆ قسەکەران بە زمانێکی زیندوو لەگەڵ ئەنجامەکانیان(دەق) یان کەرەستەی زمانەوانیە (ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەق نووسراو بە زمانێکی مردوو(وەك لاتینی) کە لە ئێستادا بۆ گفتوگۆ بەکارنایەت، بەڵکو لە بابەتی سەرەکیدا بەکار دەهێنرێت) .

زانستی زمان وەك زانست کۆمەڵێکی فراوانی لەو بەشانەی پێکهێناوە کە ڕێگە بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی گشگیر دەدات بۆ هەر یەك لە دیاردە و لایەنە زمانەوانیەکانی کەسیی. بە هۆی لێکۆڵینەوەی گشت بوارەکانی زانستی زمان، مرۆڤ دەتوانێت بیرۆکەیەکی گشتی هەبێت دەربارەی وێنەی زمانەوانی بۆ جیهان و بنەچەکەی و بوونی لەم قۆناغەی گەشەسەندندا.

### 2.1 زمان و گرنگی زمان

زمان هەمیشە ئامرازێکی گرنگ بووە، بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە درێژایی چەندین سەددە ، ئەوەی گرنگی زمانی زیاد کردووە بریتیە لەوەی کە کاتێک کۆمەڵگەیەك دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکیتر، ئەمە بوار دەدات بە نووسینەوەی بیرۆکە و خەزنکردنی، هەروەها ڕێگە دەدات بە گواستنەوەی میراتی باوان نەوە لە دوای نەوە (الروسان،2022).

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی زمان و گرنگیەکەی بریتیە لە بەردەوام بوون، ئەمە یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە ناتوانین گرنگی پێ نەدەین، زمان کلیلی پەیوەندی بەردەوامە لە نێو گەلە جیاوازەکانی جیهاندا، ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین پارێزگاری لە کلتور و ژیاری نەتەوەکان بکەین، سەرەڕای مێژووی پرشنگدار کە پڕە لە پەند و چیرۆك، زمان هۆکارە بۆ بەستنەوەی تاك بە نەتەوە و ژیارەکەیەوە، بە واتایەکی تر

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

زمان تەنها چەند ووشەيەك نیە دەربڕێت، بەڵكو لە پشت ئەم ووشانەوە هونەرێكی ئاست بەرز هەیە، تاكەكان لەڕێگەیەوە پەیوەندی بە یەكترەوە دەكەن، ئەوەی هەستی پێدەكەن و مەبەستیانە لەڕێگەی زمانەوە دەیگەیەنن.

## 2.2 چەمكی زمان

بەم شێوەیە (سمیسم،2000) وەسفی زمان دەكات و دەڵێت (هەموو زمانێك سیفەتی نوێنەرایەتی ئەو ژیارە دەكات كە لێیەوە سەری هەڵداوە و یارمەتی داوە لە روونی و گەشەكردنیدا، وە لێكۆڵینەوە لەهەر ووشەیەك لە ووشەكانی، پەیوەستە بە شێوەی بەكارهێنانی بەشێوەیەكی پێشكەوتووانە، كە بەستراوە بە هۆش و تێگەیشتنی سیاسی بۆ ئەو واقیعەی كە ئێستا دەگوزەرێت) .

دي سوسێر وا دەبینێت كە كارێكی بێ بنەمایە مەسەلەی وروژاندنی ئەوەی كە زمان بریتیە لە (سیستەمێک كە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك ڕەمز و ئاماژەی بێ بنەمای شرۆڤەكارانەی سێكیولاریستانە) .

هەر لەو دەروازە باسی بۆچوونی فەیلەسوفی بەریتانی " جون . ل . اوستن " دەكەین، (زمان تەنها بابەتێكی وەصفی نیە، بەڵكو وەكو "میكانیزم " یشە واتا: كار دەكات، بۆ ئەوەی دەرەنجامی هەبێت. بۆیە دەتوانین بەو شێوەیە وصفی بكەین"كە بەدوای دەرەنجامەوەیە،" ، و (كاتێك دەگوترێ وشە كار و جوڵەیە ) مەبەست ئەوەیە كە بە وشە دەتوانین كاریگەری دروست بكەین، بۆ ئەوەی هانی بدەین ئەویش جوڵە بكات و دەرەنجامی هەبێت، یان هەوڵ بدەین خۆمان جوڵەمان هەبێت و دەرەنجامان هەبێت(ماتلار،2005) .

هەروەها (دی سۆسێر، 1984) لە وانەكانی سێ زمانەوانی دەڵێت (( زمان دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتیە))، لە كاتێكدا ئاخاوتن بە كارێكی تاكە كەسیی دادەنێت، لەبەر ئەوەی زمان دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتیە، كەواتە دەربڕینێكی ڕێكخراوە، لە هێما و نیشانە، بۆ دەربڕینی بیرۆكەكان، واتە گوزارشت لە ڕەهەندی بە كۆدكردنی ئاخاوتن دەكات، بۆ چوونە ناو گرنگی زمان لە لێكۆڵینەوە رۆژنامەوانیەكاندا بە گشت بوار و جۆرەكانیەوە (هونەرەكانی رۆژنامەوانی، پەیوەندیكردن، راگەیاندنی نێودەوڵەتی، پرووپاگەندە و جەنگی دەروونی، ئێزگە و تەلەفزیۆن، رۆژنامەی ئەلیكترۆنی.... هتد).

فەیلەسوفی فەرەنسی "فۆكۆ"سەبارەت بە وێنەی ووتار لەو بڕوایەدایە كە (گۆڕەپانێكە كە تیایدا دوانەی "ووشە و شت" بەردەوام جیاوازن) واتا بایەخدانی "فۆكۆ" بە شیكردنەوەی هزر و ووتار بوو .

فۆكۆ جەختی كردەوە لەوەی كە شیكردنەوەی ووتار پشت دەبەستێت بە :

1. دەستەواژە و ڕستە جیاوازەكان كە لەسەردەمە جیاوازەكاندا بوونیان هەبووە، یەك كۆمەڵە پێكدەهێنن، چونكە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان بابەت، شیكردنەوەكەشی دەگەڕێتەوە سەرخۆی، كە نوێنەرایەتی چەند بابەتێك دەكات، ئەم بابەتانەش لە چەند چالاكیەكی كۆمەڵایەتی خاوەن تایبەتمەندیدا دەردەكەون .
2. دیاریكردنی كۆمەڵێك پەیوەندی لەنێوان ژمارەیەك لە دەستەواژەدا، بەشێوەیەك دەبێت جەخت لە ناوەرۆك و شێوازی ڕیزبەندی و بەستنەوەیان بەیەكترەوە بكرێتەوە.

فۆكۆ" لە باسی ووتاردا لە لێكۆڵینەوەیەكی وورد و تەسەلدا، پشتی بەستووە بە چەند ووتارێكی سەردەمە جیاوازەكان، پاڵپشتی لە بیرۆكەكانی خۆی كرد، بە گەڕانێكی گشتگیر، بۆ ووتارەكانی كلتوری ئەوروپی، لە سێ سەردەمی جیاوازدا، كە بریتین لە ( سەردەمی كلاسیك، سەردەمی ڕێنیسانس، سەددەی نۆزدەهەم)، ژێرخانی كلتوری ئەوروپی دەستنیشانكرد، كە خۆی دەبینێتەوە لە زمان و مێژووی ئەو ژیانەی كە بوونی هەیە، بە هەموو هەستەكانیەوە، واتە دەژی لە ڕێگەی بەردەوامی بوون و پەیوەندی بە هاونیشتمانیانی خۆی، بە تایبەت توانای نوێنەرایەتی ژیانی هەیە

ئافرایام نەعوم چۆمسكی زانای زمانە زیندووەكان و خاوەن تیۆری " النحو التحويلي " لەو باوەڕەدایە كە (مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایی ئەو زمانە زیندووەی قسەی پێدەكات، ئەوەی پێشكەشی كردووە كە خۆی دەبینێتەوە لە چەند ڕستە و دەستەواژەیەكی روون و تێگەیشتنی هەیە دەربارەیان، وای كردووە كە بتوانێت زمانی مرۆڤەكانی تریش فێربێت، نەك هەر تەنها گەیاندنی ئەو هەستەی كە هەیەتی بۆ ئەوانی تر(محمود ، 2008) .

## 2.3 پێناسەی زمان

لێكۆڵینەوەكانی یۆنیسكۆ دەری دەخات كە ژمارەی زمانە نووسراوەكان بە نزیكەیی (500) زمان دەخەملێنرێت، بەجۆرێک ئەو زمانانەی كە كلتورێكی ئەدەبیان هەیە (200) زمانە، لە نێوانیاندا (17) زمان كە هەریەكێكیان زیاتر لە (50) ملیۆن كەس قسەی پێدەكەن .

لە ئەوروپادا (28) زمانی نەتەوەیی بوونیان هەیە، تەنها لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (23) زمانی جیاواز بوونی هەیە، باوترین دوو زمان لە ئەمریكای لاتین دا بریتیە لە هەردوو زمانی(ئیسپانی و پورتوگالی)، بەڵام لە دووڕگەكانی كاریبی زمانەكانی ئینگلیزی و فەرەنسی و هۆڵەندی تا ئێستا بەكاردەهێنرین، بەڵام زۆرترین ژمارەی زمان لە ئەفریقیادا هەیە و بەنزیكەیی (2000) زمانی جیاواز بوونی هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەكرێت لە یەك وولاتدا ژمارەیەكی زۆر لە زمانی جیاواز بەرچاو بكەوێت، بۆ نموونە لە وولاتێكی وەكو "گانا" 56 زمانی تێدا هەیە، لە وڵاتێكی وەكو یەكێتی سۆڤیەتی جاران 89 زمان و شێوەزاری تیادا بووە .

لە هیندستاندا ژمارەی زمان و شێوەزارەكان (1650) ی تێپەڕاندووە، لە بەڕێوەبردن و فێركردندا 15 زمان بەكاردەهێنرێت .

هیندیە سوورەكان لە مەكسیك زیاتر لە (200) زمان و شێوەزاربەكار دەهێنن، ئەگەر ئەم زمان و شێوەزارانە نەنووسرێنەوە، ئەوا زۆربەیان لەناو دەچن، چونكە زۆربەیان نەنووسراونەتەوە و بە دۆكیومێنت نەكراون و وێنەی نووسینیان نیە تا ئێستا (المصمودي، 1985).

چومسكی دەڵێت :" زمان كۆمەڵە ڕستەیەكە ، ڕێزمان دەریان دەكات ". مارتێنێت دەڵێت : " زمان هۆیەكە بۆ لە یەكتر گەیشتن ، لە چەند دانەیەكی بچووك پەیدا دەبێت ، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن" . بەم شێوەیەش زمان پێناسە كراوە : " سیستەمێكە لە نیشانە ، لە خۆوە لە سەری ڕێك كەوتووین ، توانای دابەشكردنی هەیە ، تاكەكەس وەك ئامرازێك بە كاری دەهێنێت بۆ دەربڕینی مەبەستەكانی ، بۆ پەیوەندیكردن بە كەسانی دیكەوە ، لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە. "

بریتیە لە ئامرازی گوزارەكردن و گەیاندنی بروراوراستیییەكان بەهۆی دەنگ و رەمزوهێماوئاماژەكان (ئەو پێناسە باوە گشتییە بەو پێیەی دەنگەكان(بێژراو)

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

ورەمزەکان (نووسراو) دەگرتەخۆوە، لێ ئەسڵەکە ئەوەیە، زمان (لغە) بەشێکە لە زمان(لسان) ئەوەی دوایی زمانی(نووسراو)وئاخاوتنی(بێژراو) دەگرتەوە، ئەو سەرجنە لە زمانی فەرەنسایش هەیە ، زمان(لسان) واتە (language) بە زمانی فەرەنسی زمان (langue) وئاخاوتن (parole) دەگرتەوە، لێ لە زمانی ئینگلیزی چ ئاماژەیەك بە زمان(لسان) نادرێ،بەلکە زمان(لغە) (language) وئاخاوتن (speech) هەیە. لە رووی مێژووییەوە زمان بە ئاستی ئاخێوەرەکانیەوە گرێدراوە، دەستەبژێر زمانی تایبەت بەخۆی هەیە(لە چوارچیوەی هەمان زماندا )و عەوامەکەش زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە بە ناوی(زمانە باوەکە) هەروەها زمانی ئەدەبی(یا فوسحە) هەیەو ئەوەی دیکەش عامیەکەیەوبەوجۆرە .

ئەوەی مرۆڤ لەگیانەوەرانی تر جیائەکاتەوە زمانە, چونکە زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و ئاڵوگۆڕکردنی هەست و سۆز لەنێوان مرۆڤدا اەمەڕ پێناسەی زمان بیروڕای جیا جیا هەیە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە.

( سیستەمی زمانی هەر زمانێك بریتیە لەو یاسا و دەستورانەی کە لەلای خەڵکانی ئەو زمانەیە کە پێی دەدوێن) .زمان وایە ئەو سیستەمە بە تەواوی و بەبێ کەموکوری و بەیەکسانی لەلای هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا نیە , بەلام تاکی هەر کۆمەڵگایەك توانایەکی زمانی وای هەیە کە بتوانێت بەهۆیەوە هەموو شتێك بڵێت و ڕستەی وەها دروست بکات کە پێشتر نەخۆی و نەکەسانی تر گوێیان لێ نەبووبێت. (فەرمانگەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەهیچ جۆرێ بەرجەستە نییە) , . هەروەها (ئەوەی چۆمسکی ناوی ناوە (توانستی زمان)دەتواندرێت تا ڕادەیەك وەك زانینی قسەکەرێکی هەڵبژێردراو و نموونەی زمانێك (دەربارەی زمانەکە)سەیر بکرێت ,نەك وەك ڕژیمی زمانەك خۆی).

هەڵبەتە قسەکردن لە (زمان) بێ کۆتایە! لەبەرامبەر ئەوەشدا قسەکردن لەبارەی دانەر یان نوسەر قسەکردنە لە پانتایەکی دیاری کراوی زمان,مەبەستم لە خودی نوسەر وەك شێواز نیە,چونکە وەك(جاك لاکان 1901-1981) دەڵێت :شێواز خەسڵەتی خودی کەسایەتی نیەبەڵکو نەسەقێکی کۆمەڵایەتیە,کۆی ئەو نەسەقە کۆمەڵایەتیەش بەپێی تێگەیشتنی زمان,یان لق لە فەشەلی تێگەیشتن دروست دەبێت چونکە هەمیشە نوسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە ,دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە , بەڵام بەر لەوەی قسان لە خوودگەری و شێوازگەری بکەم , هەوڵدەدەم ئیشکالیەتی زمان وەك تەنیاییەکی گەورە بۆ تێگەیشتن لە ڕێگای جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن ,زێتر ڕوون بکەمەوە: زمان لای (فردیناند دی سوسێر 1857-1913) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە, سیستەمێکە یان تۆڕێکە لە ئاماژە, بابەتەکەی هەڕەمەکیە,یاسایەك دەستی بەسەردا گرتووە.,تەنیا لە ڕێگای تێگەیشتن ل تەواوی سیستەمەکەوە نەبێت ,ناشێت تێبیگەیت,بەدیوەکەی دیکە سەرباری ئەوەی زمان سیستەمە ,بەڵام جیاوازیشە,چونکە ناشێت لە ڕەگەزەکانی زمان بگەین,تەنها لەڕێگەی بەراورد لەگەڵ ڕەگەزێکی دیکەی جیاواز نەبێت. بۆ نموونە ناتوانین مانای وشەی (دوژمن)بزانین,تەنیا لەڕێگەی بەراوردکردن بە وشەی (دۆست)نەبێت.دەشێت ئەو دوو ڕواڵەتە تەرجەمەی سەر(فۆڕمی گشتی)و(جولەی جیاواز) بکەین .بەڵام ئاخاوتن (کلام) ڕوودانی زمانەوانی ڕاستەوخۆیە,واتە گوتنی کەسەکانە .بەڵام قسەکردن لە ئاخاوتن لای سوسێر کورتی دێنێ و سوسێر زێتر بایەخ بە سیستەم دەدات و تاڕادەیەك ئاخاوتن وەلا دەنێت. لێرەوە جەخت کردن لە زمان ,بەو مانایەی کە ڕێساو یاسای تایبەت بەڕێوەی دەبات, دەمانخاتە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە,بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا (سیستەمی زمان)ی سوسێر هەموو زمانە ,هەموو تێگەیشتنە,ئایا جیاوازیەکان و تەجاوزکردن و دەرچوون لە چوارچێوەکان یان فەشەلی تێگەیشتن دەکەوێتە کوێی زمانەوە؟

زمان هەر ناوندێکی تێگە یشتن و لە یەك گەیشتن فەراهەم ناهێنێ ، بەڵکو خودی زمان هەندێ هەست و سۆز و خۆشەویستی لە زاتی خۆی هەڵدەگرێ، ئەو کاتە هەستی پێدەکرێ کە لەناو نەتەوەی تر بەکاری دەهێنین ، بۆیە زمان ( بوون ) و (ناسنامەی) ی تاکەکانی نەتەوە دەگەیەنێ . زۆر جار پرسی زمان ، لە پرسی خاك زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

مەبەست لە زمان زمانی گشتیە هەموو ئەو زار و شێوە زارانەی زمانێکی تایبەت کە هاوزمانان قسەی پێدەکەن تاك ئەندامێکە لە دەستە و گروپەکانی کۆمەڵگاکەی هەروەها ئەندام توێژێکی کلتوری دیاری کراویشە لەوانەیە خوێندەوار یان ڕۆشنبیر بێت یان ئەندامە لە سەندیکایەکی پیشەیی

لە ناو ئەو پێناسە زۆر و زەبەندانەی کە بۆ زمان کراون ، دەتوانین بڵێین : " زمان ئامرازێکی گرنگ و بایەخدارە ، مرۆڤ بە هۆیەوە و لە ڕێگەی دەنگ و وشەوە ، گوزارە لە هەست و پێداویستییەکانی دەکات و زانیارییەکانی دەگوێزێتەوە بۆ بەرانبەر و تەعبیر لە مەبەست و بیری دەکات. "

زمان وەك هۆکاریکی گەورە و پڕ کاریگەری گەیاندنی بیر و بۆچوونی مرۆڤ و میکانیزمی پێوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی دیدگا و دەستخستن و بەخشینی زانیاری ... چەندە ورد و گەشەسەندوو و دەوڵمەند بێ ، هێندە درووستتر و ساناتر پەیامی خۆی دەگەینێت و ئامانج دەپێکێت و مەبەست ڕوون دەکاتەوە ، بە پێچەوانەوەش ئەگەر مرۆڤ لە ئاخاوتن و نووسیندا زمانی لاواز بێت و دەستەواژەی کرچوکاڵ بە کار بێنی ، ئەوا لە پێوەندیکردندا بێدەسەڵات و لە تێگەیاندنی بەرامبەردا دەستەپاچە و بێتوانا دەبێ . تەنانەت هەندێك پێیان وایە تەرزی تێگەیشتن و ئاستی بیرکردنەوە و کەسییەتی مرۆڤیش تا ڕاددەیەکی زۆر بەندە بە زمانەکەیەوە.

زمان:بریتییە لە ئامرازێك یان وەسیلەیەك بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵانی نەتەوەیەك بەگشتی بە پێی شوێنی جوگرافی زمان شێوەی جیاجیا وەردەگرێت بە واتایەکی تر لقی لێ جیا دەبێتەوە ئەو لقە جیاجیانە پێیان دەوترێت زار یان دیالێکت واتا زمان ئامێرە گشتییەکە هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچەو وڵاتێکدا بن بۆ نموونە دەڵێن کوردەکانی سوریا یان کوردەکانی بەریتانیا..هتد.بەڵام زار:بوارەکەی تەسکترە واتا پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتیەکە قسە دەکەن بۆ نموونە\کە دەڵێن زاری کرمانجی ناوەڕاست یان خواروو تەنها ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە دانیشتووی ناوچەکانی سۆران,سلێمانی,هەولێر,پشدەرن بە واتایەکی تر زمان نەبێت زار دروست نابێت,زمانیش بەبێ زار نییە,لەبەر ئەوە دەتواندرێ بووترێ کە پەیوەندی نێوان زارو ز مان پەیوەندییەکی تەواوکارییە واتا پەیوەندی بەشە بە گشتەوە.

زمان بوونێکی ماددی هەیە وشەکان لە جەستەی من هەڵقوڵاون و وشەی ئەوانی دیکە دەیانبڕێ, ناشێت لێی ڕابکەین, زمان قەوارەیەکی ماددی هەیە, نەك لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسایەکی مەتریالی بۆقسان هەیە ,بەڵکو لەبەرئەوەی وشەکان هەمیشە

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

هەڵگری هەڕشەن بەوەی کەدەگۆڕێن بۆهاوار ,هەرلەوێشەوە قسەکەر پێگەی توندوتیژی خۆی هەیە ,زمان ڕێگا بەتەعبیرکردنی تاکخوازانەدەدات ,بەدیوەکەی دیکەش دامەزراوێکی کۆیە ورێگا بەمانای دەستەجەمعی دەدات.

زمان بەردەوام لەدوو کردار هەڵدەستێ (پارێزگاریکردن) و (پیسکردن) هەر لەرێگەی ئەو دوو کردەیەشەوە زمان گەشە دەکات و پێشدەکەوێت.ئەگەر پارێزگاریکردن لە رووتی زمان دیدێکی گشتی (Development).بەڵگە نەویستی خەیاڵی وشەو ورێنەی هەراتامێزبنوێنێ!ئەو دیدە هاوگونجێنێکی ناجێگیر لە نێوان تاك و کۆ دروست بکات و دواجار بەکارهێنانەکان ئەوەبێ کەهە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە بەر چاو.ئەوە پیسکردن دەکەوێتە دووتوێی زیادەڕۆییەوە ,هەمیشە لەسەر خوازەی دایك خۆی نوێ دەکاتەوە.لێرە لە نێوان پارێزگاریکردن وپیسکردن ,دەشێ بڵێین زمان بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە!!کەواتە لە زماندا شتێك نییە پێیبگوترێت واقیعی زمانی جێگیر,بەو مانایەش (پاشماوە)ی لۆسێرکیل,یان جیاوازی سوسێر و لادان و خزینی زمان ناوێکی دیکەیە بۆ جێگیرنەبوونی ئەو واقیعە.

لەبواری زمانەوانیەوە پێکهاتەیەکە خۆی لە دروستکردنی پەیوەندیLanguage زمان نێوان مرۆڤەکان هەڵدەگرێتەوە.ئەو پەیوەندییانە دەتوانن بە شێوەی قسە ,نوسین,خۆیان بنوێنن . زمان جگە لە دروستکردنی پەیوەندی لە داهێنانە ئەدەبی و فکری و زانستی و فەلسەفییەکان.

بەشی زۆری زمانەوان و زانایانی زمان , وای دەبینن زمان وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو و بەرجەستە , لە دایك دەبێت و گەشە دەکات وپێش دەکەوێ هەر وەك چۆن دوچاری پەتای لاوازی و دەرد و بێتینی (تەنانەت مردنیش ) دەبێتەوە . بەڵام هیچ زمانێك نە لەخۆوە پێش دەکەوێ, نە لەخۆوە پەکی دەکەوێ یا دەمرێت , بەڵکو ئەوە پارێزەر و پاسەوانانی زمانن بە پشتگوێخستن و لالێنەکردنەوە و کەم سەیر کردن... توشی دەرد و پەتا و بێخوێنی و مردنی دەکەنەوە , هەروەك هەر ئەو پارێزەر و پاسەوانانە دەتوانن پێشی بخەن و گەورە و تەندرووستی بکەن.

زانایانی زمان چەندین پێناسەیان خستووەتە روو بۆ دیاریکردنی مەبەست و پێناسەیەك بۆ ووشەی"language "، لێرەدا دکتۆر (برکات عبدالعزیز) هەندێك لەو پێناسانە بەم شێوەیە دەخاتە روو-:

زمان کۆمەڵێك هێما و سیمبولە، بەچەندین شێوە بڵاوەی کردووە، بۆ ئەوەی کەسەکان لە نێوان یەکتردا ئاخاوتن بکەن و لە یەکتر تێبگەن .

زمان بریتیە لە کۆمەڵێك رێکاری فسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی، یارمەتی مرۆڤ دەدات لە قسەکردن و ئاخاوتندا

زمان بریتیە لە دەربڕینێکی زارەکی بۆ هزر، ناوەکی بێت یان دەرەکی .

زمان بریتیە لە بەکارهێنانی دەربڕینی هزر لە حاڵەتێکدا، بۆ نموونە دەگوترێت فلان زمانێکی ناروون بەکار دەهێنێت، فلانیش بە زمانی ئەقڵ قسە دەکات .

زمان هەر سیستمێکە لە پەیوەندیەکی ماناداردا، دەتوانرێت وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەکار بهێنرێت.

زمان کۆمەڵێك نیشانە و هێمایە لە نێوان یەکتردا ئاخاوتنی پێ دەکرێت، تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەو هێما و نیشانانە لەیەکتر دەگەن.

زمان کۆمەڵە نیشانە یان ئاماژەیەکی دەستە جەمعی هاوبەشە، دەتوانرێت دەربڕێت لەلایەن هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە قسە بەم زمانە دەکەن، یان خاوەن جێگیریەکی رێژەییە لە هەر هەڵوێستێك کە لێی دەردەکەوێت سیستمێکی دیاریکراوی هەیە و لەچەن بنەمایەکی دیاریکراو پێکهاتوە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی ئاڵۆز تر (الشريف، 2004).

هەندێکیش وایدەبینن کە زمان بریتیە لە داهێنانی نیشانەی مانادار یان بەکارهێنانی بەمەبەست (شرف، 1991).

لێرە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەرچەندە جیاوازی لە نێوان پێناسەکاندا کەم و زۆر هەیە، بەڵام دەکرێت تێبینی ئەوە بکەین کە هەموو پێناسەکان پێداگری لەسەر سێ پێکهاتەی زمان دەکەنەوە ،کە ئەوانیش بریتین لە :

سروشتی دەنگ و بوونی دەنگ لە زماندا.

زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

ئەرکی دەربڕین و لە یەکتر تێگەیشتن.

## 3 پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگا

پەیوەندی نێوان گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە گەورەکان و پەرەسەندنی زمانەوانی یەکێکە لەو بابەتانەی کە زانایانی بواری زمان لەم سەردەمەدا تێبینیان کردوە، لەو بروایەدان کە: ئەوە زمان و پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی زمان بوو، شۆڕشی فەرەنسای دروست کرد، چونکە زمان وەرچەرخا بۆ زمانی فەلسەفە، ئەمەش وای کرد جیهانی رۆشنگەری سەدەدەکانی ناوەراست لە سەدەی نوێ جیا ببێتەوە، بە تایبەتی کۆمەڵێک رۆشنبیری ئەو سەردەمە وەک (جان جاك رۆسۆ، ڤۆلتێر، مۆنتیسکۆ)، کە لەرێگەی نوسراو و بۆچوونەکانیانەوە زەمینە سازیان کرد بۆ شۆڕشی بۆرژوازیەکان لە فەرەنسا لە ساڵی 1789.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان جیاوازە لە هێما وسیستمە ئاماژەییەکان، چونکە بەردەستە بۆ هەمووان، لەکۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە وبۆ کۆمەڵگەیە، لەرێگەی شیعر وپەخشان و وتارەوە سەری هەڵدا... لە دواتردا زانستی زمان پەیدا دەبێت کە بە خوێندنەوە و بەدوای یەکداهاتن و ئەزبەرکردن و تۆمارکردن دەست پێدەکات، هەروەها ووشە و پێکهاتەکانیش دەگرێتەوە، پاشان تێرامان و وانە دەست پێدەکات بۆ دانانی یاسای رێزمان و زمانەوانی و دروستکردنی نووسینەوە(سلمان ، 2010).

کاتێك زمان لە کۆمەڵگەدابوو و بۆ کۆمەڵگە بوو، ئەرکی سەرەکی بریتی دەبێت بەوەی کە: ئامرازێکە لە ئامرازەکانی (پەیوەندیکردن) یان (بەردەوامی بوون) یان (گواستنەوە) یان (گوزارشت کردن) لە رێگەی (دەنگی ووشە)، ئەوا ئەوەی زمان دەیگوازێتەوە یان دەیگەیەنێت یان گوزارشتی لێدەکات بریتی دەبێت لە : بیرۆکە و مانا و هەڵچوونەکان و ئارەزوو و هزر بەشێوەیەکی گشتی(السعران، 1963).

بەڵام لە راستیدا ناتوانرێت زمان قەتیس بکرێت تەنها لە چەمکی(ئامرازێکی گەیاندن)دا، چونکە لێکۆڵینەوە لە (ئەرکی ووشە) لە هەر زمانێك لە زمانە زیندووەکاندا، پشگیری لەم جۆرە پێناسەیە ناکات، بۆیە پێویستە بوترێت: زمان بە کاری پەیوەندیکردن هەڵدەستێت، بە واتایەکی تر: پەیوەندیکردن یەکێکە لە کارەکانی زمان .

ئاراستەی باو لە کۆندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان دەفری فیکرە، وە ئەرکەکەی بریتیە لە دەربڕینی بیری مرۆڤ، پەیوەندی هەبێت بە کاروباری ئەقڵی یان بە هەست و ئارەزوە مرۆییەکانەوە، بەڵام نوێخوازان زۆربەیان وا بەباش دەزانن کە کاری زمان لە

پەیوەندیکردندا قەتیس بکەن .

پێدەچێت جیاوازی زۆر گەورە نەبێت لە نێوان هەردووئاراستەکە (کۆن و نوێ)دا لە تێڕوانینیان بۆ زمان، چونکە کاری زمان (دەربڕین) و (پەیوەندیکردن)ە، چونکە سرووشتی پیشەکەی پەیوەندیکردنە لە هەردوو ئاراستەکەدا، بە تایبەت ئەگەر زانیمان ڕاگەیاندن بریتیە لە : پڕۆسەی بڵاوکردنەوە و پێشکەش کردنی هەریەك لە : زانیاری، ڕاستیەکان، هەواڵەکان، بابەتە ووردەکان، ڕووداوە دیاریکراوەکان، بیرۆکە لۆژیکیەکان و ڕای جەماوەر لەگەڵ ناوهێنانی سەرچاوەکەی.

بەکارهێنانی زمان لە ئاخاوتن وکارو پیشەکاندا بایەخی زۆری هەیە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، بە جۆرێک بەکارهێنانی زمانی دایك ڕەنگدانەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان دەبێت. هەر لە ڕێگای زمانەوە کەسانی بەڕێوەبەر بۆچوون وئایدیای خۆیان دەگەیەنن بە کارمەند وفەرمانبەران، ئەگەر زمان نەبێت پردی پەیوەندی دروست نابێت، هیچ پرۆژەیەك سەر ناگرێت و پەیوەندی لە نێوان خاوەن کار و کرێکاردا دروست نابێت .

زمان لە هەموو کار وپرۆژەکاندا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت بە چاوپۆشی کردن لە جۆری کارو پرۆژەکان یان بوارە جۆراوجۆرەکان. چەندین جۆر پیشە هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمان ودەربڕین وئاخاوتن دەبەستن وەکو کاری ڕاگەیاندن وپارێزەرایەتی.

ڕۆڵی زمان وگرنگیی دیاردەکەوێت لە ڕێی ڕەسەنایەتیەکەیەوە، چونکە زمان گوزارشت لە ناسنامەی گەل ونەتەوەکان دەکات، لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان. ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی بەهێز وپتەو بونیاد بنێین، پێویستە زمانێکیان هەبێت گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵگە وهزری گشتی بکات. ئەستەمە زمان و کەلتوور گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، چونکە پاشخانێکی قوڵ و کەڵەکەبووی هەزاران ساڵن، کۆمەڵگە و زمان دوو ڕووی دراوێکن، بە کورتی دەکرێت بڵێین کۆمەڵگە لە زمانەوە دەست بە جووڵە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە تێگەیشتن لە دیاردەی ناسنامە دروست دەبێت، واتا ناسنامە دیاردەیەکی زمانەوانیە، کەواتە زمان ئامرازێك بۆ پارێزگاریکردن لە شوناس و ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە لێک دانەبڕاوە، چونکە ڕێکخەری شێوازی ژیانی تاك و کۆمەڵەکانن(بلکا & حراز 2014).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە، یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە، گرنگترین ئەو کارانەی زمان پێی هەڵدەستێت و لە بابەتی شوناسدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمانەی خوارەوەن -:

دەفری هزر و ئامرازی بیرکردنەوەیە.

ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی

ناونیشانی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگەیە.

پسپۆڕ و توێژەران لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شرۆڤەکانیاندا بۆ گوتاری ڕاگەیاندن، گرنگیان داوە  بە زمان، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە گرنگیان داوە بە ئەو زانیاری و مەعریفانەی کە لەڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ خەڵک، بێگومان ئەمانە لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنێکی پلان بۆداڕێژراوی بەزمانێکی ڕاگەیاندکارانە (نووسراو و بینراو و خوێنراو)ەوە گوزارشتی لێکراوە، لە ڕێگەی ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی سەردەم (ئینتەرنێت) کە لەم ئەم سەردەمەدا لە جیهانی زانیاری و داتا و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت (العطار، 2021).

گرنگی زمان لە گۆڕینەوەی کلتورەکاندا دەردەکەوێت، لەوەی کە زمان بەشێکە لە کلتوور، ئەوەی دواییان وا پێناسە کراوە کە بریتیە لە" کۆی گشتی ئەو بەرهەمە ماددی و مەعنەویانەی کە کۆمەڵگەکان بەرهەمیان هێناوە بە درێژایی مێژوو، لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەردەوام بوونی ژیانیان"، زمانیش یەکێکە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵگە، هەموو کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی زمانەکەیەوە، گوزارشت لە خۆی و ژیار و کەلتورەکەی دەکات، چونکە کۆمەڵگەی بێ زمان واتە کۆمەڵگەی بێ کەلتوور، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین کۆمەڵگەیەکی پەراوێز خراوە و لە واقیعدا بوونی نیە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیەمان بوونی کۆمەڵگە کۆنەکانە، کە لە ڕێگەی زمانەکانیانەوە، مێژوەکانیان گواستراوەتەوە بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان، کەچی  لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆمەڵگە هەن مێژوو باسی نەکردوون و بگرە مێژووەکەیان لەگەڵ نەمانی خۆیاندا کۆتایی پێهاتووە و کەس هیچ شتێك دەربارەیان نازانێت، بەهۆی نەبوونی زمانێکەوە کە لەڕێگەیەوە پارێزگاری لە مێژوو و کلتورەکەی بکرێت .

ئەوە ڕێك ئەوەیە کە زمانی عەرەبی کردوویەتی،  کە ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی ئایینی ئیسلام و ڕێساکانی، بەتایبەت لەو وولاتانەی کە دانیشتوانی عەرەب نین وەك هیند بۆ نموونە، زمان، توانی کلتوری ڕۆشنبیری ئیسلامی و عەرەبی بپارێزێت، لە ڕێگەی کتێب و دەستنووسە عەرەبیەکانەوە، هەروەها هەموو ئەوەی ژیاری ئیسلامی پێشکەشی کردوە لە زانست و هۆنراوە و ئەدەب، هەر لە ڕێگەی زمانەوە بووە.

نوسینەوەی زمان، وایکرد  مرۆڤایەتی ئاشنای چەندین ژیاری کۆن و مێژووەکەیان ببێت، وەك شارستانی  میسری کۆن، شارستانی بابلی و سەبەئی و هیند و یۆنان، ئەو کلتورە فراوانەی سەر بەو ژیارانە، لە ڕێگەی وێنە و نووسینەوە پارێزراون، ئەمەش دوای نوسین و هەڵکۆڵین و وێنە کێشراوەکانی ناو ئەشکەوت و سەر تاتە قوڕەکان، لێرەدا دەردەکەوێت کە زمان شوناسی ئەو شارستانیەتانەی پاراستووە، بە بێ هەبوونی زمان نەمان دەتوانی ئاگاداری ئەو مێژووە دەوڵەمەندەیان ببین. زمان، خەم و ئازاری قسەکەرەکانی هەڵدەگرێت، بەشداری دەکات لە ڕێکخستنی ڕەفتار و کارلێك و دەربڕینی هەستەکانیان و یەکخستنی ئینتیمایان، بۆیە زمان تەنها لە سرووشتی خۆیدا نەماوەتەوە، بەڵکو گەورەترە لە تەنها ئامرازێکی گەیاندن و ئاگادارکردنەوە، چونکە توانای بەرجەستەکردن وێناکردنی کلتوری زمانەوانی و هزرەکەی هەیە، هەروەها زمان کۆکەرەوەیەکە بۆ دەربڕینی داهێنان و هەڵگری مەعریفە و بەرهەمهێنانی، دەفرێکە بۆ هزر و ڕۆشنبیری (البصیر ، 2015).

یەکێک لەو بوارانەی کە ڕۆڵی زمان تیایدا بە تەواوی ڕەنگ دەداتەوەم بریتی یە لە گەشت و سەردانی کردنی وڵاتان، ، چونکە ئامراز و خاڵی گۆڕینەوەی کلتوورە. کاتێك مرۆڤ لە شوێنێکەوە دەڕوات بۆ شوێنێکی تر، ئەوا ژیار و کلتور و مێژوو و زمانی خۆی دەبات و لە هەمانکاتدا ئاشنای زمانی وولاتێکی تر دەبێت، کاریگەری دروست دەکات و کاریگەر دەبێت. لە ڕاستیدا یەکەم شت کە بە هزری مرۆڤدادێت ئەوەیە بە چ زمانێك مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بکات، بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە بریتیە لە زمانی خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی کلتوور لەنێوانیاندا.

ئەم پەیوەندییە، سەرەڕای بەهێزی و بتەوی، بەڵام لەسەردەمی جیهانگیری دا، توشی هەژانێک بوو، گرفتێکی دروست کرد کە پێی دەوترێت گرفت بەردەوام بوونی زمان لە کۆمەڵگەدا، بەهۆی زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، کە بووە

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

هۆی دروست بوونی پەرچەکرداری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە، ، چ لە ڕووی کلتووری و ڕۆشنبیریەوە بێت، یان لە ڕووی ئەخلاقیەوە بێت، کە هەڕەشە لە شوناس و زمانی دایک کرد، لەڕێگەی شکاندنی تایبەتمەندی کلتووری کلاسیکی و توانەوەی لە کلتووری جیهانیدا، ئەمەش وای کرد لە ڕووداوەکانی چووارچێوەی کۆمەڵایەتی دوور بکەوێتەوە.

دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی نێوان زمان و شوناسی کۆمەڵگە، پەیوەندەکی تایبەتە بە گشت، چونکە شوناس گشگیرترە لە زمان، شوناس چەندین شێوازی دەرکەوتنی هەیە جگە لە "زمان" ، بە واتایەکی سادەتر شوناس ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە کۆمەڵێك خەڵك لەسەری هاوڕان و جیایان دەکاتەوە و یەکیان دەخات، تەنها زمان بەم کارە هەڵناستێت، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ پێکهاتەکانی تری شوناس، بەڵام لە هەمانکاتدا ناتوانرێت شوناس لە زمان جیا بکرێتەوە، چونکە بەبێ زمان کۆمەڵگەکان ناتوانن گوزارشت لە شوناسیان بکەن، لەبەر ئەوەی زمانە کە ڕەونەق و جوانی بە شوناس دەبەخشێت و سنووری جیاوازی نێوان شوناسە جیاوازەکان دیاری دەکات.

## 4 تایبەتمەندی و چەمکەکانی زمان

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ زمان دەکرێت ئەوەیە کە بریتیە لە سیستمێکی هێما و ئاماژە و نیشانە، واتە سیستمێکە ئەرکی مەعریفی و پەیوەندی نێوان خەڵك جێبەجێ دەکات، هەروەها ئامرازێکە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەستەکانی دەکات، لە هەمانکاتدا بە یەکێک لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مەعریفەدادەنرێت. زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و لێك تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە تایبەت ئەوانەی لە یەک کۆمەڵگەدا دەژین، ئەمەش وایکردووە زمان وەك دیاردەیەکی ڕەفتاری هەژمار بکرێت، چونکە شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، گوزارشت لە پێداویستی و ڕەفتاریان دەکات. ئەو زمانانەی کە زۆر بەربڵاون لە نێو جیهاندا بریتین لە : عەرەبی و چینی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و هیندی و پۆرتوگالی و ڕوسی و ئیسپانی و مالیزی و بەنگالی و ئەندەنووسی. لە ڕێگەی ئەم خاڵە شیکاریەوە هەوڵ دەدەین باس لە دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی زمان بکەین . سەرەڕای جیاوازی لە پێناسەکردنی زماندا، بەڵام هاوڕاییەك لە نێو لێکۆڵەرەواندا هەیە لەسەر کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بە گشتی بۆ زمان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

سروشتێکی مرۆیی مرۆڤگەرایە.

بە سیستمێك لە هێمای دەنگی و نیشانەی دادەنرێت، کە بەکار دەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بۆ چەند چەمکێکی دیاریکراو، بە واتای ئامرازی پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەردەوامە، لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە که زمان پێکهاتەی تەواوی خۆی هەیە و بەیەکەوە بەستراون لە پەیوەندیەکانیاندا(صفوت،2014).

یەکێك لە تایبتمەندیەکانی زمان ئەوەیە کە وەرگیراوە (مکتسب)ە، بە واتای ئەوەی ئێمە زمانمان لەو کۆمەڵگەیەوە وەردەگرین کە تیایدا دەژین، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ئەزموونانەی کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ، بۆ نمونە: منالێك باوانی جەزائیریە،

بەڵام لە کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا گەورە دەبێت، بە دڵنیاییەوە لەبری زمانی عەرەبی، زمانی فەڕەنسی وەردەگرێت و پاراوانە قسەی پێدەکات، وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵگەی فەڕەنسی. لێرەدا سۆسێری زانای زمان، ئاماژە بە پەیوەندی نێوان زمان و مێژووی ڕامیاری دەکات پێی وایە کە (هەندێك ڕووداوی مێژوویي گەورە هەن، وەك فتوحاتی ڕۆمانی، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر چەندین ڕووداوی زمانەوانی، ئەوەتا داگیرکردن بە وێنایەك لە وێناکانی فتوحات ئەژمار دەکرێت، و زمانێك دەگوازێتەوە بۆ چەند ناوەندێکی جیاواز، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەم زمانەدا)، هەروەها دواتر ڕوونی دەکاتەوە: (سیاسەتی ناوخۆی وڵاتان، بایەخی کەمتر نیە لە بایەخی ژیانی زمانەکان، لە وڵاتێکی وەکو سویسرا زمانەکانی (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی) زمانی فەرمی وڵاتن، حکومەتی ئەو وڵاتە زۆری لا پەسندە کە پارێزگاری لەو زمانە فەرمیانە بکات، هەموو ڕێکارێک دەگرێتەبەر تاوەکو لە کۆمەڵگەدا جێگایان ببێتەوە، کەچی وڵاتێکی وەکو فەرەنسا وای پێ پەسندە زمانی یەکانگیر و یەکگرتوو لە کۆمەڵگەدا بچەسپێ).

پەیوەندی نێوان دەربڕین و ماناکەی (الدال والمدلول) سرووشتی نیە، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا لە هەموو زمانەکاندا هەر مانایەك یەك دەربڕینی دەبوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە هیچ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەم شێوەیە نیە و کۆمەڵە زمانەوانیەکانیش لەسەری کۆك نین .

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندیانەی باسمان کرد، زمان سێ تایبەتمەندی تریشی هەیە:

نواندنی لە سیستمێکدا، کە کۆمەڵگە بەشداری دەکات لە شوێن کەوتن و پەیڕەوکردنی، تاکەکانی دەیکەن بە بنەمای ڕێکخستنی ژیانی بە کۆمەڵ و پەیوەندیەکانیان، چونکە مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە یەکتر دەناسن و پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، هەروەها کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای زمان بونیات دەنرێن.

زمان، زادە و بەرهەمی ئەقڵی دەستە جەمعیە، چونکە بە شێوازی بیرکردنەوە و دروستبوونی کەسایەتی و ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ هەژمار دەکرێت..

بێ توانایي مرۆڤ لە دەرچوون لە زمان و سیستمەکەی، چونکە بە بنەمای سامانی فیکری دادەنرێت، واتا ئەگەر مرۆڤ زمانی گوزارشت بەکار نەهێنێت بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی ئەوا بیرۆکەکانی دەمرن و بە قەتیسی لە مێشکیدا دەمێنێتەوە(بوترعة ، 2014) .

### 4.1 چەمك وتێگەیشتنی پەیوەست بە زمان

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین لە چەمکی زمان وشیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگەدا، بریتیە لە دیاریکردنی هەندێك زاراوەی پەیوەست بە زمانەوە، کە تێکەڵ بەو دەبێت و پێویست بە هەڵوێستەیەك دەکات بۆ ناسینی، بریتیین لەمانەی خوارەوە:

دووانە زمان : (Bilingualism) واتا لە یەك کۆمەڵگەدا خەڵك بە دوو زمان قسە دەکەن، یەکەمیان لە بواری فەرمیدا بەکار دێت وەك فێرکردن و نووسینی یاسا و ڕاگەیاندن، دووەمیان بریتیە لە زمانی خۆماڵی یان ناوچەیي، لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بەکار دەهێنرێت، لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی نێوان خۆیاندا (هادف،

1945) .بە واتایەکی تر دووانە زمان واتە بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا وەك بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە کەنەدا .

یەکانگیری زمان :(Linguistic Diglossia) یەکێکە لەو چەمکانەی کە تا ئێستا توێژەران یەک دەنگ نین لەسەر پێناسەیەک بۆ مانا و مەبەستی ئەم چەمکە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ زانای زمانەوانی ئەمریکی شارڵ فێرگسۆن لە ساڵی 1959 و لە بنەڕەتدا لە زمانی گریکەوە وەرگیراوە و لە فەرهەنگەکاندا بە مانای جووت زمان دێت (كفالي، 2008).

فیشمان وای بۆ دەچێت کە یەکانگیری زمانەوانی لەسەر بنەمای بوونی جیاوازی لە ئەرکدا، لە نێوان زمانەکاندا دروست دەبێت، هەندێکی تر پێیان وایە کە بریتیە لە بوونی دوو ئاستی زمانەوانی لە یەك ژینگەدا، کەسانێکی تر پێیان وایە ئەم چەمکە بریتیە لە بوونی دوو زمانی جیاواز وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی بیانی، بۆ نەهێشتنی ئەم تێکەڵکردنە دەتوانین بڵێین کە ب مەبەست لە یەکانگیری زمانەوانی بریتی یە لە بوونی دوو زمانی جیاواز لە لای تاك یان کۆمەڵگە لە یەك کاتدا .

فرە زمانی (Multilinguisme) مەبەست لێی بەکارهێنانی چەند زمانێکی جیاوازە، لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بە فەرمی،وەك ئەوەی لە کەنەدا و باشووری ئەفریقیا دا هەیە.

## 2.4 چەمکی زمانی ڕاگەیاندکاری

سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەی زمانی ڕاگەیاندکاری بەشێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت، لەناو کتێب و لێکۆڵینەوەکاندا، کەچی تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو بوونی نیە بۆ ئەم زاراوەیە، هەموو کتێب و لێکۆڵینەوەکان، خۆیان لە پێناسەیەکی گشتگیر لادەدەن و زیاتر گرنگیان بە باسکردنی تایبەتمەندی و سیماکانی داوە، واتا زیاتر گرنگیان بە باسکردنی ڕەگەز و دەرخستنی جیاوازیەکان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بۆچوونیان وایە کە زمانی ڕاگەیاندکاری بریتیە لە ( ئەو زمانەی لە فراوانترین سنووردا بڵاو دەبێتەوە، لەنێو خەڵکدا بە گشتی، خاڵی هاوبەشە لە نێوان گشت لقەکانی مەعریفە و کلتور و پیشەسازی و بازرگانی و زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و هونەر و ئەدەبدا، چونکە بابەتی ڕاگەیاندن لە کاتی باسکردنی کۆمەڵگە و ژینگەدا، ڕەگەزەکانی خۆی لە هەر جۆرە هونەر و زانست و مەعریفەیەکەوە وەردەگرێت).

شرف (1985) پێی وایە ( زمانی ڕاگەیاندن زمانی شارستانێتی یە، شتێکی سرووشتیە کە ڕاگەیاندن هەوڵی سوود بینین بدات لە تایبەتمەندیەکانی زمانی عەرەبی لە رووی ژیاریەوە و گۆڕانکاری گەورە دروست بکات، لە ڕێگەی بەرتەسك کردنەوەی مەودا، لەنێوان زمانی ووتار و زمانی نووسیندا، ڕێگە لەبەردەم زمانی پاراو(الفصحی)دا والا بکات کە بتوانێت بەکاربێت لە هەموو شوێنێکدا، بەتایبەت لە کاری ڕاگەیاندندا، وا بکات تیایدا باڵادەست بێت. زمان ئامرازی ڕاگەیاندن و ئەو پرۆگرامەیە، کە پەیام دەگوازێتەوە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، چونکە زمانی ئاخاوتن و ئاماژە و وێنە و سینەما، هەموویان ئامرازی گواستنەوەی پەیامن).

هەروەها محمد (1984) بۆچوونی وایە کە بواری هاوبەش لەنێوان زمان وڕاگەیاندن، لە پەیوەندی نێوان " ووشە و مانا" دا بریتیە لە بواری مانا، زانایانی زمان گرنگی بە "زانستی مانا" دەدەن، زانایانی ڕاگەیاندن گرنگی بە چوارچێوەی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دەدەن، تاوەکو بابەتی ڕاگەیاندنەکە لەم چوارچێوە هاوبەشەدا تەواو ببێت و پەیامەکە نەکەوێتە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەوە. واتا ووشە دەبێتە خاڵی هاوبەش لەم بوارەدا، بواری مانا، لەنێوان زمان وڕاگەیاندندا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان گرنگی تایبەتی هەیە لە گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەگشتی وکەرتی ڕاگەیاندن بەتایبەتی، ئەمەش وایکردووە زمان ببێتە جێگەی بایەخی توێژەران وپسپۆڕان ولێکۆڵەران سەبارەت بە (چەمکەکانی، بنەماکانی، بوارەکانی کارکردنی) زمان.

هەروەها زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە، گوزارشت لە ناوەرۆکی پەیامی کەسی نێرەر دەکات، هۆیەک دەبێت بۆ گەیاندنی بە وەرگر، بە پێی ئامانج وئاراستەکانی کەسی نێرەر، کەواتە ئامرازێکە بۆ (گفتوگۆ، گۆڕینەوەی کلتور، گواستنەوەی مەعریفە، پاراستنی مێژوو، وە کەناڵێکە بۆ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان...هتد).

هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پاراستنی کلتووری ڕۆشنبیری ونەریتی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

هەروەها گرنگیەکەی دەچێتە نێو فێرکردنی تاکەوە، بەشێوەیەك گونجاوبێت، لەگەڵ ڕەفتار ونەریتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم تاکە بەشێکە لێی .

زانای دیاری زمان " بۆهلر " پێی وایە زمان سێ ئەرك وپیشەی هەیە وزانای رووسیش "یاکۆبسون" باس لە هەمان شت دەکات وباوەڕی وایە کە زمان بە سێ ئەرك هەڵدەستێت، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. دەربڕین: لێرەدا نووسەر یان قسەکەر هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەدەر لە وەڵامدانەوە، ئەمەش بە دیاریکراوی لە شیعری گۆرانیدا دەردەکەوێت، یان لە ئەدەبی چیرۆك وشانۆیدا، سەرەڕای داتا فەرمیەکان، وەك نووسراو وبەڵگەنامەی سیاسی یاسایی وفەلسەفی وزانستییە بە دۆکیۆمێنت کراوەکان.
2. ڕاگەیاندن: بریتیە لە پێگەی دەرەکی یان ڕاستیەکانی بابەتەکە یان ئەو ڕاستیەی کە دەکەوێتە دەرەوەی زمان، لە شێوەی ڕاگەیاندن لە پرۆگرامەکانی خوێندن وراپۆرتە هونەریەکان وووتارە ڕۆژنامەوانیەکان ولاپەرەکانی توێژینەوەی زانستی وماستەر ودکتۆرا نامەکان .... هتد.
3. گوتاردان: کرۆکی ئەم ئەرکە بریتیە لە جەماوەری خوێنەران وقسە بۆ کراوان، ئەم کارە پەیوەندی هەیە بە جەماوەرەوە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارێک، گرنگترین کار لێرەدا کاردانەوەی وەرگرەکانە .

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەبووە و هەیە لەسەر گۆڕینی شێوازی ژیانی تاکەکان لە چەندین بواردا، بە تایبەت لەو شتانەی پەیوەندیان هەیە بە بواری پەیوەندیکردن و مەعریفە و فێرکردنەوە، هەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی مرۆیی جێبەجێ دەبێت، بۆ پەیوەندیکردن و بەردەوامی بوون لەگەڵ ئەوانی تر، بۆ نموونە لە سەردەمی جیهانگیریدا زۆرێك لە مرۆڤەکان، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە یەکترەوە، ئەمەش زیانی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ داوە، هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو زمانانە دەبێت کە ئامرازی پەیوەندیکردنمانە لەگەڵ ئەوانی تر، واتا تۆڕی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لەسەر زمان دادەنێت .

چەندین کاریگەری ئەرێنی تۆڕی کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر گۆڕینی زمان، کاتێك

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

مرۆڤ دەیەوێت بە ئاسانی پەیوەندی بەوانیترەوە بکات، لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە ئەم کارە دەکات، بەمەش هەم سودی دەبێت هەم ڕۆڵی دەبێت لە بەهادان بە تۆڕی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە، کاتێك سۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنین وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن ئەوا ئێمە چەندین ووشەمان زیاد کردوە بۆ فەرهەنگی زمان، لە پێناو تێگەیشتنێکی باشتر. دەتوانین وەڵامدانەوەیەکی خێرا وباشتر دیاری بکەین، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕا وسەرنجی ڕوون، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئەم جۆرە لە پەیوەندیکردن بەکاربهێنن، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕێگەیەکی کورت بۆ پەیوەندیکردن بە یەکتریەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی کورتکراوە وهێما ونیشانە وسیمبۆل ووێنە ودەستەواژەی دیاریکراوەوە. لە هەمانکاتدا چەندین کەس تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازی فێرکردن بەکار دەهێنن، لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە کاتی ئاخاوتندا ڕوو دەدەن، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە یاخود فێربوونی دەستەواژەی دروست و گونجاو، ئەمەش وا دەکات کە هۆیەک بێت بۆ فێربوون بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، هەروەها هەندێك کەس لەڕێگەی دانانی وێنەکانەوە دەتوانن لە هەستی کەسانیتر تێبگەن، بەتایبەت بەهۆی زمانی وێناکردنەوە، ئەگەرچی کەسانێک هەن بە هۆی جیاوازی نەوەکانەوە ناتوانن لە زمانی وێنەیی تێبگەن. بۆ نموونە نەوەی century 21 دەتوانێت زمانی داهاتوو بەکار بهێنێت ولێی تێبگات، لە کاتێکدا نەوەی تر هەن ناتوانن لە کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تێبگەن (Fadil, 2022).

ئەگەرچی تۆڕی کۆمەڵایەتی سودی ئەرێنی هەیە، بەڵام چەندین کاریگەری خراپی هەبوو و هەیە لەسەر گۆڕانکاریەکانی ژیانی مرۆڤ بەگشتی، کاتێک مرۆڤەکان لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەندین ووشە شێوەی ڕەسەنی خۆیان لەدەست بدەن و گۆڕانکاریان بەسەردابێت، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لەو کەسانەی قسە دەکەن، هەڵە دەکەن کاتێک زمانی ڕەمەکی یان کورتکراوەکان بەکاردەهێنن، و هەندێک دەستەواژە و ووشە بە هەڵە بەکاردەهێنن بۆ دەرخستنی بیرۆکەکان لەشێوەی وێنەدا زیاتر لە ووشە بەشێوەی دەربڕین .

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بریتیە لە خێرایی، واتا خەڵك تیایدا بەخێرایی شتەکان ڕادەپەڕێنێت، کاتی پێویستی لە بەردەمدا نیە کە زمان بە شێوەیەکی گونجاو و بناغەیەکی ڕاست بەکار بهێنێت، خەڵك هەوڵ دەدات بابەتەکان ئاسایی بکاتەوە، بۆ نموونە: بەکارهێنەرانی Instagram و Facebook ووشە کورت دەکەنەوە بۆ#hashtags ، واتا بیرۆکەی تەواو نەماوە و مەرج نیە هەموو خەڵك لە ووشە تێبگەن، بەمەش وا دەکات کە زمان، بناغە ڕەگەکەی لەدەست بدات، گەورەکان (بە تەمەنەکان) و بەکارهێنەران تەمەڵ دەبن لە ڕووی بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانە بە دروستی.

توێژەران بەشێوەیەکی گشتی یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە زمان پێگەیەکی بەرزی هەیە، لە گفتوگۆکانی ناسنامەی نیشتمانی (Joseph, 2004)، (Fishman, 1989), (Edwards, 2009)زمان تەنها بە یەکێك لە گرنگترین نیشاندەرەکانی شوناسی نیشتمانی هەژمار ناکرێت، بەڵکو یەکێکە لە سەرەکیترین ئامرازەکانی بونیاد ودووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ناسنامەیە. هێزی زمان لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وەك تەلەفزیۆن وئینتەرنێتەوە وەک پاڵپشتی و هێز (Fisk & Hartley, 2003) لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، ئەستەمە بەپێی پێویست لە شوناسی نیشتمانی تێبگەین، بە بێ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی کارکردنی تەکنیکی پەیوەندی کردن، وەك هاندەرێك بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی (Morley, 1992) بە ڕێنوێنی بیردۆزەکانی زمان و ناسنامە. کوردەکان حاڵەتێکن لە کەمینەیەك، زمانەکەیان دابەش کراوە بۆ چەند شێوەزار و ئەلف و بێ و حاڵەتی جیاواز، لە ناو سنوری چوار دەوڵەتی جیاوازدا.

زمانی کوردی پێگەی فەرمی خۆی وەرگرت لە عێراقدا لە ساڵی 2003 بەدواوە، لە کاتێکدا لە وڵاتی تورکیا بە تەواوی قەدەغە کرا تا ساڵی 1992 و چاوپۆشی لێنەکرا تا ئەم دواییانە ، سەبارەت بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ناو چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا ئەوا دوای شۆڕشی ساڵی 1979 جۆرێک لە نەرمی نواندن هەبووە بەرامبەریان، بەڵام لە سوریا، کوردەکان دووچاری کوشتنی زمانەوانی بوونەوە (Hassanpour,1996) لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی لە ئەمڕۆدا زمانی سەرەکی دەیان کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵییە، سەرەڕای هەزاران پێگەی ئەلیکترۆنی و ژووری چات و پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان .

#### 4.3 چەمکی گۆتاری ڕاگەیاندکاری وئاسەواری تەوزیف کردنی زمان تیایدا

دیارترین ڕواڵەتی زمان بریتی یە لە دەنگ، ئەو شتەی کە ڕێك دەخرێت وووشەکانی لێ پێکدێت، پاشان ڕستە ودەربڕین ودەستەواژەکان، لە ئێستادا دەنگەکانی زمان بووەتە جێگەی لێکۆڵینەوەی چڕ وتاقیکردنەوەی تاقیگەیی، مرۆڤ لە دێرین زەمانەوە ئەم دەنگانەی بەکارهێناوە، وەك ناوەندێکی گوێزەرەوە، بۆ بیرۆکە وهەست وئەوەی لە مێشکیا دەگوزەرێت. ئەو دەنگانەی کە ووشە و ڕستەی لێ دروست دەکرێت بریتین لە چەند سیمبولێك مرۆڤ بە داهێنانکاری خۆی لە بری بیرۆکە و یاداشتەکانی بەکاری هێناون، چونکە بە هێما بوون بریتیە لە کاری سەرەکی هزری مرۆڤ و ئەقڵمان دەتوانێت هەموو ئەزموونەکانمان بگۆڕێت بۆ هێماو سیمبۆل، ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە.

کۆمەڵگەی مرۆیی بۆ زمان، وەك خاکە بۆ تۆو یان گوڵ، تۆو هەڵگری بەری ژیانە، بەڵام ناڕوێت ئەگەر لەخاکدا نەبێت، بەهەمان شێوەی زمان لە مرۆڤدا، کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێت، بە خۆڕسك ئامادەیی دەربڕین و قسەکردنی تێدایە، هەموو ئەندام و ئامێری پێویستی تێدا فەراهەمە، بەڵام کاتێك کەنارگیر دەبێت، ناتوانێت قسە بکات و ووشە دەربڕێت، بۆیە زمانی بۆ دروست نابێت، ئێمە کاریگەری و ڕواڵەتی ئەم ئامادەییە لە مرۆڤدا دەبینین، هەر لە هاواکردنی کۆرپە و گرۆگاڵ کردنی کەوەك تۆوی زمان و توانای قسەکردن وایە، بەڵام ناڕوێت تەنها لەو کاتە نەبێت کە مرۆڤ ژیانی لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ فەراهەم دەبێت، چونکە مرۆڤ خۆڕسکانە ئامادەیی قسەکردنی تێدا هەیە.

بەڵام ئەم ئامادەییە هیچ کاریگەریەکی دەرناکەوێت تەنها لە کاتی بوونی کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا نەبێت، بۆیە شتێکی نامۆ نیە کە پسپۆڕانی زمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە زمان بوونی نیە جگە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا نەبێت، ئەوەی دەوترێت لەسەر ئاژەڵ کە گوایە ئاژەڵ زمانی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە ڕووی گریمانەییەوەیە، چونکە ئەو دەنگە خۆڕسکە سنووردارەی کە لە زیرەکترین و ناوازەترین ئاژەڵدا دەیبیستین بە زمان یان هاوشێوەی زمان هەژمار ناکرێت، چونکە زمان ڕەگی داناکوتێت تەنها لە کۆمەڵگەی مرۆییدا نەبێت، کە لە ڕێگەیەوە خۆراکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت،

10.24086/cuejhss.v6n2y2022.pp134-144

ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر نوسرابووەوە و لە لەناوچوون دەربازی بووبوو، لەکاتێکدا چەندین زمانی تر هەبووە لە کۆندا، لەناوچوون و پەیوەندیان بە زمان و گوتاری خەڵکەوە نەماوە. ئەوەی کە لە ئێستا دا بەڵگەنەویستە لەلای زمان زانەکان ئەوەیە کە مرۆڤ بەکاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، فێری قسە دەبێت، نەوەك لە ڕێگەی هەستی ناوەوە یان غەریزەوە. ئەبولحەسەن جرجانی لە کتێبی (التعريفات)دا دەڵێت: "زمان بریتیە لەو دەربڕینانەی کە خەڵك گوزارشتی لێدەکەن دەربارەی مەبەستەکانیان".

## 5 .ئەنجام

به یەك خستنی زاراوە هەنگاوێکی گەورە دەنێین بۆ دروست کردنی زمانێکی کوردی فەرمی.کەواتە دەشێت هەنگاوی یەکەم لە زاراوە دەست پێبکەین و بیکەین بە بەردی بناغەی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.هەروەها ئاماژەش بەوە کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەك زارێك لە زارەکانی زمانی کوردی فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێنەدرێت, چونکە بە پێی تاقیکردنەوەی گەلانی دیکەوە دەرکەوتوە کە بوونی ئەم دیالێکتە جیاوازانە بوونی زنجیرەی زمانیە, بۆیە دەبێت سود لەو زنجیرەیە وەربگیرێت و زمانی فەرمی پێ دەوڵەمەند بکرێت. بەیەکخستنی زاراوە و وەك یەك بەکارهێنانی لە نێوان هەموو تاکەکانی دیالێکتە جیاوازەکاندا سودی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵ و دیالێکتەکانی هەیە. ئەم باسە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا هەنگاوێکی گرنگ وکاریگەرە، ئەگەر بە شێوەیەکی پراکتیکی پیادەبکرێت.

ڕاگەیاندنی نوێ وای کردووە هۆشیاری و کلتوور لە تەنگژەدا بێت و توانای دیاریکردن بە شێوەیەکی وورد لەدەست بدەین. ئایا خنکاندن لەنێو زانیاریەکانی سۆشیاڵ میدیا و جیاوازی ڕاکان و فرەجۆر بوونیان هۆشیاری لای تاکەکان دروست دەکات، یان ئەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایانەی کە تاکەکان وەریانگرتووە، ئاراستەیان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بیر و باوەڕێکی فیکری دیاریکراو، پاشان بەشداریکردن لە چەند بابەتێکی پەیوەندیکردنی دیاریکراو و تێزێکی تر، ئایا ئەم ڕا جیاوازانە دەبنە هۆی جیاوازی فیکری و دروستکردنی گفتوگۆیەکی گەرم و دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگەی مەددەنی، دەبێت ئەم ئامرازانە بەکار بهێنرێت بۆ پاڵپشتیکردن و ڕیزگرتن لە بۆچوونەکان و بکرێن بە هۆیەکی گرنگ بۆ ئاشتی کۆمەڵگەیی ڕێگری کردن لە چەمکی قبوڵنەکردنی بەرامبەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر.

## لیستی سەرچاوەکان


أنيس، إبراهيم، (1970) . اللغة بين القومية والعالمية، دار المعارف المصرية للطباعة: مصر.

البصير، نورالدين ،(2015). تجاذبات اللغة والهوية بين الأصالة والاغتراب، جامعة حسيبة بن بوعلي: الجزائر.

الجرجاني، أبو الحسن، (2003).كتاب التعريفات، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي - بيروت.

السعران، محمد .(1963). اللغة والمجتمع (رأي ومنهج ).ط2. جامعة الإسكندرية: مصر.

الشريف، سامي - ندا، أيمن، منصور. (2004). اللغة الإعلامية (المفاهيم- الأسس - التطبيقات). جامعة القاهرة للتعليم المفتوح: القاهرة.

المصمودي، مصطفى. (1985). النظام الإعلامي الجديد، مطابع الرسالة: الكويت.

بوترعة، عبد الحميد، (2014) "واقع الصحافة الجزائرية المكتوبة في ظل التعددية اللغوية "الخبر اليومي" و "الشروق اليومي" و "الجديد اليومي" نموذجا"، ع8، مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية: الجزائر.

بلكا، الياس، حراز،م حمد . (2014). اشكالية الهوية والتعدد اللغوي في المغرب العربي -المغرب نموذجا الامارات: مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية. الامارات .

توظيف اللغة في الخطاب الإعلامي – بقلم الصحفي عباس العطار https://kenanaonline.com/users/Arabmedia/posts/134957

حسين، عبد الرزاق . (2010) .مهارات الاتصال اللغوي.ط1.مطبعة الملك فهد: السعودية.

سلمان، عدنان محمد (2010). الفارابي وآراؤه اللغوية في كتاب الحروف. دراسة لغوية. كلية الاداب – جامعة بغداد: العراق.

دي سوسير، فرديناند (1984) .محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي، الطبعة الاولى. المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر.

سميسم، حميدة. (2000). الحرب النفسية (مدخل) ، دار الكتب للطباعة : بغداد.

شرف ،عبد الحسين (1991) اللغة الإعلامية، دار الجيل: بيروت.

شطناوي، عبد الكريم محمد (1992).تطور لغة الطفل، ط1. دار صفاء للنشر والتوزيع: عمان.

صفوت، علي صالح (2014) محاضرات في علم اللغة العام، محاضرات مقدمة لطلبة الفرقة الاولى في علم اللغة، جامعة القاهرة : مصر.

فرح، الروسان، أهمية اللغة في حياتنا، موقع سطور، تاريخ الزيارة: 02-04-2022 https://bit.ly/3nlIeZl

كفالي، لويس جان، (2008). حرب اللغات والسياسات اللغوية، ترجمة: حسن حمزة، ط1، المنظمة العربية للترجمة: بيروت.

ماتلار، أرمان وميشال (2005). ترجمة - د. نصر الدين العياظي - د. الصادق رابح ، تاريخ نظريات الاتصال ،ط 3 ، المنظمة العربية للترجمة : بيروت .

محمود، نزهت (2008). بحث في طبيعة العلاقة بين الخطاب الدعائي والخطاب السياسي ، مجلة الباحث الإعلامي ، العدد الرابع، مؤسسة المدى للإعلام والثقافة والفنون: العراق.

هادف، بوزيد ساسي (1945). الازدواجية اللغوية في الجزائر المستقلة دراسة سوسيولوجيا لسانية الجزائر.كلية الاداب واللغات: الجزائر.

Akhmanova (2011). Dictionary of Linguistic Terms - M. Ed. 2nd, Nauka: Moscow.

Edwards, J. (2009). Language and identity: An introduction. Cambridge University Press: New York.

Fadil, Thami (2021), Researcher in Political Science\ Pennsylvania; theUnited States, The effect of social media on the language, Assahifa.com, 02-04-2022:

**Abstract**
Language is not just a collection of phrases and words, ultimately playing a fundamental role in shaping the personality of an individual in society based on the mechanism, life experience and history of his nation. Society has many positive and negative effects on language, but the negative effects are more than the positive ones. In Kurdistan, there is lack of accurate information and reliable data continued differences and understanding in all its forms in Kurdish society and the global progress in the field of participation of languages and dialects in all spheres of life (political, social, economic, etc.). The aim of this research is to find a solution to bring the dialects of Kurdish closer together and unite its terms by knowing the degree of influence of society on language, because the experiments of other nations have shown that the existence of these different dialects is the existence of a linguistic chain. Therefore, we must take advantage of this chain and develop our official language. The unification of terms and their use as one among all individuals of different dialects brings the individuals of society closer together. The results show a pathway to establish and correct another way by focusing on using the language to be strong in society; by identifying problems and causes and reminding them of various detailed data and information by writers, sources, books and media. With an explanation of the significance of developing a society with a unified and well-known language.

**Keywords:** Language, Media Language, Society, Kurdish Language, Communication Language.

https://www.assahifa.com/english/opinions/the-effect-of-social-media-on-the-language/

Fernandez, L. (2001). Patterns of linguistic discrimination in discussion forums. Mercator Media Forum. University of Wales Press: Cardiff.

Fisk, J., & Hartley, J. (2003). Reading television (2nd ed.). Routledge: London.

Fishman, J. (1989). Language and ethnicity in minority sociolinguistic perspective. Multilingual Matters Ltd: Clevedon.

Joseph, J. E. (2004). Language and identity: National, ethnic, religious. Palgrave Macmillan: New York.

Hassanpour, A., Skutnabb-Kangas, T., & Chyet, M. (1996). The non-education of Kurds: A Kurdish perspective. International Review of Education.

Morley, D. (1992). Television, audiences, and cultural studies. Routledge: London.

Olson, R. (2009). Blood, beliefs and ballots: The management of Kurdish nationalism in Turkey, 2007–2009. Costa Mesa, California: Mazda.

Reformatorsky a. (2008) Introduction to linguistics. the scientists of linguistic school. Russia.

Skutnabb-Kangas, T., & Fernandes, D. (2008). Kurds in Turkey and in (Iraqi) Kurdistan: A comparison of Kurdish educational language policy in two situations of occupation. Genocide Studies and Prevention. University of Toronto Press: Canada.

Vereshchagin EM (2010), The Russian Language in the Modern World - 3rd ed. Central Asia Notebooks: Russia.